# تا ماڵ هەبێ مزگەوت حەرامە

ئەحمەد دەشتی

ئەگەرئاوریک لە رابوردووی تال و پر لە نەهامەتی و مەینەت و ئازارەکانی لە میژینەی گەلی کوردبدەینەوە دەبینین کە پریەتی لە خەم و ژان و رەنج و حەسرەتەکان، دەبی ئەوەش بزانین کە گەلیک لەو بە سەرهات و رووداوە نالەبارانە و میحنەتەکانی کە بەسەر کوردو کوردستان دا هاتووە زۆرلەو هۆکارەکارانە دەگەریتەوە سەر نەزانینی کورد لە ڕابوردوودا، دەبینین کە گەلی کورد وەک گەلانی تری جیهان هەر لە کۆنەوە نەی توانیوە هەموو ئەو هەل و مەرجانەی کە بە سودی کورد و کوردستان هاتۆنەتە کایەوە سودیان لی وەر بگریت و زانایانە بیان قۆزیتەوە و گەل و خاکی خۆی بە سەربەستی و ئازادی بگەیینیت و قەوارەیەکی میللی کورد دروست کرابی و هەل و مەرجەکانی رۆژگارانی را بوردوومان بۆ سودی نەتەوایەتی خۆمان بە کار هینا بیتن و هەرگیز پەندمان وەر نەگرتووە لە نەهامەتی و کارەساتەکان، ئەمەش بە پیچەوانەی تەواوی گەلانی دراوسیکانمان وەک فارس و تورک و عارەبەکان کە ئەوان تەنانەت ئاینیشیان لە رییگەی خزمەت بە خۆیان و خاکیانەوە بە کار هیناوە، زۆر لە میژیشە کە گەلی کوردیان بۆ مەبەستی خۆیان داغون و مال ویران و بەدبەخت کردووەو هەتا ئەمرۆش دان مافەکانی میللیمان نانین، کوردیش هەمیشە بووینەتە قەلغان بۆ پاراستنی ئەو بیگانانەوە لە زۆر هەلیری جەنگ و هیرش و کوشت و کوشتاردا ئەوا سینەی رۆلەکانی گەلی کوردیان، هەر لە رۆژگارانی سەلاحەدینی ئەیووبییەوە هەتا دەگاتە زەمانی سوارانی حەمیدیەو شەرەکانی نیوان عوسمانی و سەفەویەکان کورد کراوە بە قەلغان و بۆ خزمەت کردن بەو نەیارانە هاتۆتە مەیدانەوە، لەو هەموو رۆژگارانە زۆر بە سادە دلانەو نەزانانی کوردەوە هەزاران هەزارانیان لی تەفرو تونا کردووین و مال و خاک و ژیانیشیان لی داگیر کردووین، لە رۆژگارانی رابوردوو دا کورد هەمیشە بوەتە هۆی بە هیز بوونی لەشکری دوژمنانمان و پاراستنی کیان و قەوارەی ئەو میللەتانەوە و لە دەست دانی بوونی کوردو کوردستان وەک خاوەن کیانیکی میللیمان، ئەو داگیرکەرانەی کە هەر لە کۆنەوە ناوی کوردیشیان بە لاوە گوناهیکی مەزن بووەو ئیستاشی لە گەل دابیتن ئەوانە هەر ئاوا بیردەکەنەوەو و ئەگەر هەلیشیان بۆ برەخسیتن و بتوانن قەت و قەت دان بە کوردو کوردستانەوە نانین ونایەلن کە کورد و کوردستانمان هەرگیز ئاسودەو ئارام ببیتن و کوردیش وەک خۆیان واتە ئەو سی دراوسییانەمان ببین بە خاوەن قەوارەیەکی میللی خۆمان و فەرمان رەوایی خۆمان و نیشتمانی خۆمان بکەین، ئەوەی کە جیگەی داخە دەبینین کە هەر لەکۆنەوە سادە دلی ونەزانین و دلســــــــــــۆزیمان بۆ ئەوان بە چە دەردو ئازاریکی بردووین کە ئیستاش هەر پییەوە دەنالینین، ئەمرۆش دوای ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتیەکانمان و ئەو هەلە پیرۆزەی کە بۆ گەلی کورد وا هەلکەوتووە ئەگەر پەند ورەرنەگیرا بیت و پیش هەموو شتی کورد نەبین وبۆ سودی خاک و نەتەوەکەی خۆمان تی نەکۆشین و هەموو هەستیکی خراپ تور نەدەین لە هەموو هەل و مەرجیکی باش بۆ خۆمان سودی زیاتر وەر نگرین پیم وایە دیسان دەکەوینەوە ناو داوی پر لە ئازارو خەمەکانی

دیرینەمان و ئەم هەلە پیرۆزەی ئەمرۆمان دیسان لە دەست دەچیتن، ئەمەش مافیکی خۆمانە کە وەك میللەتانی تر مالی خۆمان ریك بخەین و دوژمنانی کوردو کوردستان چاك بناسینەوە، چونکە هەتا ئەمرۆکەش دەبینین کە هەرەشەو گورەشەکانی دەورو بەرمان چۆن لی دەکریتن و دوژمنانمان بۆ لە ناو بردنمان وان لە سەنگەر دان و ئیمەش وا دیسان خەریکین دلسۆزانە ئەوان بە برای خۆمان دەزانین، کەچی ئەوان هەر ئاوریشمان لی نادەنەوەو قەت نامان کەن بە براو تەنانەت وشەی کوردستانیشیان لا زۆر لا تاوانەو ناوی خاکەکەی باوك و باپیرانیشمان بە شمالی عیراق ناو دەبەن و هەتا ئەم ساتەش بە خاون مافی میللی وقەوارەیەکی مللی کورد دان دانانین و هەرچەندە کە ئیمە تەپل و زورناش بۆ برایەتیان لی بدەین ئەوا لیمان رازی نین و ئەوان بە پیچەوانەوە دەستیان بۆ لە ناو بردنمان دریژ دەکەن و دان بە هیچ مافیکی میللیمان دانانین، ئەوان چونکە دەروونیان لە گەل کورددا پاك نیە و هەتا ئەمرۆش زۆر بە دەگمەن بە میللەتیکی زۆر لی کراو و بەش خوراوو چەوساوە ناومان دەبەن، ئەمرۆ کە کوردهەلیکی زیرینی بۆ هەلکەوتوەو وا ئاسۆی روونی کوردەواری دەدرەوشصتەوە، دەبیت هەرگیز لە بەر ئەوان خۆمان لە بیر نەچیتەوە، من نالیم دوژمنایەتیان بکەین، دەلیم ئەوانەی کە ئیمە بە برایان دەزانین و ئەوان پیمان رازی نین کاریکی وا نەکەین کە میژووە تالەکانمان دوو بارە ببیتەوە، با پەند وەر بگرین و خاکی زیرینی خۆمان بەرەو سەرکەوتن و پیشکەوتن بەرین و ئەم ئاسۆیە روونەی کوردەواری روناکتر بکەینەوە، دەبا لە یاد نەکەین ئەوانەی کە ئیستاش ئەگەر دەستیان بروات ئەوا سەدان سورەی تری ئەنفالمان بۆ دروست دەکەنەوەو دیسان بەرەو مەرگ و نەمانمان دەبەنەوە، بۆیە دەبی هەموو هەنگاوو هەولیکمان تەنیا بۆ کوردستانی خۆمان بیتن و سادە دلی و نەزانین و ساویلکەییمان تور بدەین تاکو جاریکی تر میژووە نەحسەکانمان نەگەریتەوە و دیسان بەرەو ئەو رۆژگارە نەحسانە نەبینەوە و با میژووە تال و ناخۆشەکانی رابوردومان بۆ زیندوو نەکەنەوە، ئەمرۆ رۆژی ئەوەیە کە هەموو شتیکمان بکەین بە قوربانی کوردستان و جاریکی ترنەکەوینە ناو داوەکانی دوژمنانی خۆمانەوە، با روو بکەینەوە خۆمان و خۆیی بە هیز بکەین نەك هەلساندنەوەی نەیارەکانمان، ، جاوەرن رابوردووەکانمان بکەین بە پەند و خۆمان بۆ بیگانەکان لە بیر نەکەینەوە، من کە خەلکی کوردستانم چیم لە ئەم لاو ئەولا، دەبی ئیمەش هەردەم بە خۆمانەوە خەریك بین هەروەك خەلکان تەنیا بە خۆیانەوە خەریکن و دەبینین راگەیاندنەکانی دوژمنانی کورد چۆن ئیستاش شینگیری بۆ سەدامیکی کە هەر کورد دەزانیتی کەچەندە خوین ریژ و درندە بوونە دەکەن، دەبینین و دەبیستین کە ئەوان بە هەمو هیز و رۆژنامەو تەواوی کەنالەکانیان شینگیری بۆ ئەو دکتاتۆرە دەکەن و چەند درۆ و دەلەسە بلاو دەکەنەوە و چۆن بەرگری لەودرندەیە دکتاتۆرە دەکەن و کە لە بەر چاوی هەموو دونیادا ئەو مرۆ کوژە بە قارەمان و گەورە پیاوی خۆیان ناو دەبەن و پرسەی نەمانی ئەو دکتاتۆرە فاشیە دەگرن و وا دەزانن کە نەبایەو نەبارانە و جنایەتەکانی سەدام هەر رووی نەداوە و ئەو هەموو کارەساتانەی کە بە سەر کوردو کوردستان هاتووە هەر نەبووە وکورد بە پیاوی بیگانەکان و ئیسرائیلی دووەم ناو دەبەن، دەبا ئیمەش نەك بە درۆ و دەلەسەوە بەلکو

به هەڤانیەت و راستیەکان و خاوەنیەتی مافە رەواکانمان بۆخۆمان لەم هەلە پیروزەدا زیتر سود وەربگرین و خەریك کوردستانی خۆمان بین نەك بە خەلکانی کە پیم وایە لە کاتی بوونی دەسەلاتیان دیسانەکە دەکەونەوە گیانمانەوە ئاوا خەریك بین وەك کورد گوتەنی تا مال هەبی مزگەوت حەرامە. تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت